پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: (لێم نزیک بەرەوە)، منیش لێی نزیک بوومەوە

لە ئەبی زەیدی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «لێم نزیک بەرەوە»، منیش لێی نزیک بوومەوە، فەرمووی: «دەستت ببە ژوورەوە، وپشتم مەسح بکە -دەستی پێدا بهێنە-»، (ئەبی زەید) دەڵێت: دەستم کردە نێو جلەکەی، وپشتیم مەسح کرد -دەستم بەسەردا هێنا- ، مۆری پێغەمبەرایەتی کەوتە نێوان دوو پەنجەمەوە، (ئەبی زەید) پرسیاری لێکرا سەبارەت بە مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-، ووتی: «لە چەند مووێەک پێکهاتبوو لە نێوان شانەکانی».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ئەبی زەیدی ئەنساڕی فەرموو: لێم نزیک بەرەوە، کاتێک لێی نزیک بووەوە، پێی فەرمووی: دەستت ببە ژوورەوە بۆ نێو جلەکەم، وپشتم مەسح بکە -دەستی پێدا بهێنە-، ئەویش (ئەبی زەید) دەستی کردە نێو جلەکەی -قەمیسەکەی-، وپشتی مەسح کرد -دەستی بەسەردا هێنا-، مۆری پێغەمبەرایەتی کەوتە نێوان دوو پەنجەیەوە، ئەبی زەیدی ئەنساڕی پرسیاری لێکرا سەبارەت بە مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-، چیبە؟ ووتی: لە چەند مووێەک پێکهاتبوو لە نێوان شانەکانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10964